بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی و
رووخانی رژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و چوارەم ، ژمارە «١٣٤» ٣١ی خاکەلێوەی ٢٧٠٨ی کوردی، ١٣٨٧ی کۆچی خۆری، ١٩ی ئاوریلی ٢٠٠٨ی زایینی

## پیرۆز بێ ١١٠مین ساڵیادی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی و ١ی مانگی مەی، رۆژی جیهانیی کرێکار

پیرۆز بێ ١١٠مین ساڵرۆژی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەلایەن مدحت میقداد بەدرخان، کەسایەتی تێکۆشەر و نووسەری ناوداری کورد.

هەروەها بەبۆنەی ١ی مەی، ١٢ی بانەمەڕ، رۆژی جیهانیی کرێکار، گەرمترین پیرۆزبایی بە کرێکارانی کوردستان و ئێران و جیهان رادەگەیێنین.

بەو ئاواتەی هیوا و ئاواتی کرێکارانی کوردستان و ئێران، کە ئازادی و مافی بەرابەری و رووخانی رژیمی ملهوڕی ئاخوندیە، بە زووترین کات بێتەدی.

تێکۆشان



## ١٠ی خاکەلێوە، یادی لە سێدارەدانی قازی محەممەد

١٠ی خاکەلێوە، بیرهێنەرەوەی رۆژێکی تاڵ و ڕەش لە مێژووی گەلی کورد دایە. رۆژێك کە گەلی کورد شاهیدی لەدەست دانی سەرکردەیێکی گەورە و بلیمەت بوو. لەو رۆژە دا دژمنانی سوێند خواردوو و قین لەدڵی کورد لە کوردستانی ئێران لەدرێژەی پیلانێکی ناجوامێرانە و بێ بەزییانەدا قازی محەممەد سەرۆك کۆماری کوردستان و ٢ کەس لەهاورێیانی نزیکی بە ناوەکانی (محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگ) و سەدری قازی برای پێشەوای بە پەتی سێدارەوە کرد و ئەو رووداوە بوو بە هۆی باڵ کێشانی تەمێکی خەماوی و ناهومیدی بەسەر خەڵکی کورد دا. لەسەر گەورەیی و موقاوەمەتی قازی محەممەد زۆر ووتراوە و هەموو ساڵێك شاهیدی کۆمەڵێك کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و بابەتی جۆراوجۆر لەسەر شەهید کران و پیاهەڵگووتنین بەسەر ئەو رێبەرە مێژوویی دا، ئەوەش لەجێگەی خۆی دایە و هەرچەندەی باسی لایەنی باشەی ناوبراو بکرێ کەمە. بەڵام ئەو مەوزووعەی لەو رۆژ و بۆنانەدا کەمتر گرینگی پێدەدری و کەمتر باسی لێ دەکرێ، یان ئەگەر باسیشی بکرێ ئەوندە بە بایەخەوە باسی لێوە ناکرێ، وەسیەتنامە و ئامۆژگارییەکانی مەرحوومی قازییە. ئەو وەسیەتنامە مێژوویەی کە لەدوایین ساتەکانی ژیانی دا بۆ گەلەکەی بە جێ هێشت. بێگومان ئەگەر سوود لە وەسیەتنامەکەی قازی وەربگیرێ، جولانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ئالوگۆری پۆزەتیف و بەرچاوی بەسەردا دێ و دەبێتە هۆی گورجیی بەرەوپێش چوونی خەباتی رزگاریخوازانەمان. گرینگی وەسیەتنامەکەش دەگرێتەوە بۆ چەندین هۆ کە بریتین لە:

١ـ ژیری و لێهاتوویی و نیشتمان پەروەری قازی محەممەد.

٢ـ ئەو ئەزموونەی کە لەماوەی حکوومەتداری ١١ مانگەی وەدەستی خستبوو.

٣ـ رۆڵ گێران لەناو جەرگەی راستیەکانی ناوچە و جیهان و شارەزایی پەیدا کردن لە رواداوە سیاسیەکان.

٤ـ کرانەوەی ئەندێشەی سیاسی و پتەوبوونی هەستی نەتەوایەتی.

٥ـ دەرکەوتنی زۆرێك لە راستیەکان کە تا ئەو کاتە ئاشکرا نەببوون.

٦ـ نوسینی ئەو وەسیەتنامەیە وەکوو دوایین هەوڵ بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی.

دوای تێپەرینی ٦١ ساڵ لەکاتی دەربرینی، ئێستاش گرینگی خۆی راگرتووە و لەبایەخی کەم نەبۆتەوە. لە سەرتای وەسیەتنامەکەی، ئەو مەرحوومە ئاوا دەڵێت:

(رۆڵە و برا عەزیزەکانم! برا بەش خوراوەکانم، میللەتە زوڵم لێکراوەکەم! وام لەدوایین ساتەکانی ژیانم دا، چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم، وەرن بە خاتری خوا چیتر دژمنایەتی یەکتری مەکەن، یەك بگرن و پشتان وەیەکتری بدەن، لەبەرانبەر دژمنی زۆردار و زاڵم بوێستن، خۆتان بە خۆرایی بە دژمن مەفرۆشن، دژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ، تا کاری خۆتان پێ جێبەجێ دەکا و قەت بەزەیی پێتان دا نایە ، لەهەر هەلێکدا بێ، لێتان نابووری. دژمنانی کورد زۆرن ، زاڵمن، زۆردارن، بێ بەزیین، رەمزی سەرکەوتنی هەرگەل و نەتەوەیێك ، یەکگرتن و یەکبوونە. هەر میللەتێك یەکیەتی و تەبایی نەبێ، هەردەم ژێردەستی دژمنانی دەبێ. ئێوە گەلی کورد! هیچتان لەگەلانی سەر ئەو گۆی زەویە کەمتر نیە، بەڵکوو لە پیاوەتی و غیرەت و لێهاتوویی، لەزۆر لەو گەلانەی رزگار بوون لەپێشترن. ئەو میللەتانەی کە لەچنگی دژمنە زۆردارەکانیان رزگاریان بوو، وەك ئێوەن، بەڵام ئەوانەی خۆیان رزگار کردوە، یەکێتیان لەنێوان دا بووە، با ئێوەش وەکوو هەموو گەلانی رووی زەوی، چیتر ژێردەست نەبن، هەر بەیەکگرتن و حەسوودی بەیەك نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دژمنانی نەتەوەکەمان دەتوانن رزگار بن).

لەبەشێکی تر لە وەسیەتنامەکەی لەسەر فریونەخواردنی گەلەکەی لەراست دژمن پێدادگرێ و دەڵێ لەداهاتووش دا شاهیدی فریوخواردنی زۆر سیاسەتمەداری لە ئێمەش ژێرتر دەبین بەڵام بە خاتری خوا ئەوەی ئێمەتان بۆ ببێتە عیبرەت و ئەزموون و هەروەها باس لە گرینگی دان بە لایەنی ئایینی...

بۆ لاپەڕەی ٣

## رژیمی ئێران گەورەترین کێشەیە بۆ ئەمریکا



دەریا سالار مایکل مولێن سەرۆکی ناوەندی هاوبەشی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا رۆژی سێ شەممە ٢٧ی خاکەلێوە گوتی: رژیمی ئێران گەورەترین کێشەی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەراست لە پێنج ساڵی داهاتوو دەبێ. دەریا سالار مایکل مولێن گوتی، رژیمی ئێران لە جەرگەی نارەزایەتی و ئاڵۆزی و دانەمەزراوی لەو بەشە لە جیهاندایە. دەریا سالار مایکل مۆڵێن گوتی لە دوای قسەکانی لە ناوەندی (هەریتەیج)، کە ناوەندێکی نزیك بە توندرەوەکانی ئەمریکایە، وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە و، گوتی بۆچوونی من ئەوەیە، کە گومان نیە رژیمی ئێران لە ریزی پێشەوەیە بۆ سێ تا پێنج ساڵی دیکە. سەرۆکی ناوەندی هاوبەشی ئەمریکا بە ئاماژە بەوەی کە پێویستە هەموو رێگەکان بۆ رووبەروو بوونەوە لە بەرانبەر رژیم لە بەردەم دابێ، بەڵام من ناڵێم کە لەوانەیە ئەوە تەنیا جێگاییێکە کە رووبەروو بوونەوەی ئێمەی تێدا وەدیی بێ.

## رایس خوازیاری بەربەرەکانێی وەڵاتانی عەرەب لە بەرانبەر دەستێوەردانی رژیمی ئاخوندی لە عێراق بوو



رایس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، داوای لە وەڵاتانی عەرەبی کرد کە بە بەهێز کردنی پێوەندی ئابوری و فەرهەنگی و دیپلوماتیکی خۆیان لەگەڵ عێراق، بەربەرەکانێی نفوزی شەڕخوازانەی رژیمی ئاخوندی لە عێراق بکەن. رایس گوتی: ئەگەرچی رژیمی ئێران نفوزی لە عێراق هەیە، بەڵام عێراق وەڵاتێکی عەرەبیە و هەستی نەتەوەپەرەستی تێدا بەهێزە. رایس هەروەها گوتی: کە نیازی نیە لەگەڵ لێپرسراوانی رژیمی ئاخوندی لە دانیشتنی حەوتووی داهاتوو دراوسێکانی عێراق ووتوێژ بکا.

ئەو دانیشتنە بە بەشداری وەڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی شورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، هەروەها کانەدا و ئیتالیا و ئەڵمان، و وەڵاتانی دراوسێی عێراق، سێ شەممەی داهاتوو لە کووەیت بەرێوە دەچێ. مەنووچێهر موتەکی وەزیری دەرەوەی رژیم لە کۆبوونەوەدا بەشدار دەبێ.

## لەیلا زانا ئافرەتی چالاك و هەڵسووراوی کورد، جارێکی دیکە بە زیندان مەحکوم کرا



لەیلا زانا ژنە تێکۆشەری کورد بە تاوانی پروپاگەندە بە دوو ساڵ زیندان مەحکوم کرا.

ئەو حوکمە لەلایەن دادگای شاری دیاربەکر بە تاوانی ئەوەی لەیلا زلانا لە نەورۆزی ئەمساڵ قسەی کرد بوو و باسی رەوایی مافەکانی گەلی کورد و رێبەرانی کوردی کرد بوو بە سەریدا سەپێندرا.

لەیلا زانا یەکەمین ئافرەتی کوردە کە بە نوێنەرایەتی مەجلیسی تورکیە هەڵبژێردراوە و لە کاتی سوێند خواردنیدا لە پارلمانی تورکیە بە کوردی قسەی کرد و لەچکەییێکی بە رەنگی ئاڵای کوردستان لە سەر کرد بوو.

ئەو کارەی لەیلا زانا لەلایەن بەشێك لە ئەندامانی پارلمانی تورکیە بە پێچەوانەی یەکگرتوویی لە تورکیە ناسێندرا.

## ئەنفال خاڵێکی ڕەش لە مێژووی دەسەڵاتە ستەمگەرەکاندا



بیست و یەك ساڵ پێش ئێستا رژیمی سەرکوتگەر و مرۆڤ کوژی بەعسی عێراق، لە گەڵاڵەییێکی دژی ئینسانی کەم وێنە کە لە مێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی دەسەڵاتە ملهوڕ و ستەمگەرەکاندا بیندراوە، پەلامارێکی دڕندانەی بۆ سەر شار و دێی کوردستانی عێراق دەست پێ کرد. ئەو پەلامارەی لە ژێر ناوی (ئەنفال)دا و لە ژێر ناوی ئیسلامی پیرۆز بۆ سەر گیان و ماڵی خەڵکی کوردی موسوڵمانی کوردستانی عێراق کە باوەڕدار بە ئیسلام و پێ بەندی رێ و شوێنە دینیەکان بوون دەستی پێ کرد. لەو هێرشە بەدناو و قێزەون و دژی ئینسانیەدا، زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ کوردی موسوڵمان و بێ تاوان لەلایەن هێزی بەکرێگیراوی پارێزەری دەسەڵاتی سەرکوتگەر و چەوسێنەری بەعسی عێراق لە سەر ماڵ و حاڵیان هەڵکەندران و بەرەو بیابانەکانی خواروی عێراق بەرێکران و هەر لە بیابانەکانی خواروی عێراق و نزیك شاری ناسریە، بە کۆمەڵ ژێر خاك کران. ئەو جینایەتە کەم وێنەی رژیمی لە ناوچووی بەعس عێراق، بەڕادەییێك بێ بەزەییانە بوو کە جیاوازی لە نێوان پیر و منداڵ و ئافرەت نەکراو بە بێ جیاوازی هەموویان شەهید کران، هەر تەنیا بە تاوانی ئەوەی کە کوردن. لەو جینایەتەدا ماڵ و جێگەی ژیانی خەڵك وێران و خاپوور کران و رەحم بە مزگەوت و قەبرستان و شوێن و ناوەندە ئیسلامیەکانیش نەکرا. بە پێی سەرژمێریەکان، ٥٠٠٠ دێی کوردستان بە دەستی هێزی رژیمی ملهوڕ و ستەمگەری سەدام حسەین وێران کرا. لە یادی ١٨٢٠٠٠ شەهیدی ئەنفالکراو و ئەو کارەساتە بێ بەزەییانە درود دەنێرین بۆ رۆحی شەهیدانی ئەو جینایەتە کەم وێنەیە و هاوبەشی لە غەم و پەژارەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دەکەین. بەو هیوایەی یادی ئەنفال و قەتڵ و عامی بێ بەزەییانە و دڕندانەی هاونیشتمانانی کورد لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانەوە ببێتە هاندەرێك بۆ تەبایی و هاوکاری و رووبەروو بوونەوەی رژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٧

## کاردانەوەی هێزە جیهانیەکان بە هەڵسوڕانە ناوکەییە نوێکانی ڕژیمی ئاخوندی

ئەمریکا، ئینگلستان، و فەرانسە کاردانەوەیان بەرانبەر بە دامەزراندنی شەش هەزار سانتریفۆری نوێ لە دامەزراوە ناوکەییەکانی نەتەنز لەلایەن ڕژیمی ئاخوندیەوە دەربڕی و ئەو کردەوەیان بە پێشێلکاری بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش زانی.

پاسدار ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری ڕژیمی ئاخوندی لە سەردانی بۆ ناوەندی ناوکەیی نەتەنز ڕایگەیاند، بڕیاریان داوە شەش هەزار سانتریفۆری نوێ دامەزرێنن. گریگوری شوڵتی سەفیری ئەمریکا لە ئاژانسی وزەی ناوکەیی لەو پێوەندیەدا گوتی: ئەوەی ڕژیم ڕایگەیاندوە، ئەوە دەردەخا کە ڕژیمی ئێران درێژە بە پێشێلکاریە نێو دەوڵەتیەکانیان دەدا و بۆ نەهێشتنی گومانی کۆمەڵگەی جیهانی کارناکا.

سەفیری ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەوەی کە ئێستا ڕژیمی ئاخوندی ئەنجامی دەدا بەڕونی پێ شێلکاریەکانی بەرانبەر بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەردەخا.

تا ستەم لەسەرە رێی خەباتم لەبەرە